# مۆبایلێکی سەرنج ڕاکێش





مۆبایلـــی جۆری Morph یەکێکە لەو مۆبایلانەی کە لەســـەر بنچینەی تەکنەلۆژیـــای نانۆ هاتۆتە بەرهەم، ئەو مۆبایلە تەواو لەگەڵ پاراســـتنی ژینگە گونجـــاوە، واتە کاریگەری نیگەتیڤی نییە بۆ ســـەر ژینگـــە. Morph لەلایەن کۆمپانیای نۆکیا وزانکۆی کۆمبریج بەرهەم هاتووە. بەکارهێنەری ئەو مۆبایلە دەتوانێ هاندەکە بە دڵخوازی خۆی بکاتە هەر شێوە و فۆرمێك. دەتوانێ وەك کارت پۆستاڵێك دەریبهێنێ و دەکرێ وەك بازنەیەك لە دەســـتی بـــکات. پارچە ئەلکترۆنییەکانی ئەو هاندە زۆر ڕوون و ســـەرنج ڕاکێشن. هەروەها لایەنە ڕووکەشەکەی ئەو هاندە ئۆتۆماتیکی پاش ســـوود وەرگرتن لە دوگمەکانـــی خاوێن دەبنەوە و هیچ شوێنەوارێکی پەنجە بەسەر دوگمەکانییەوە نامێنێ.

هیدفۆنی بلۆتوســـی ئەو هاندە لەسەرەوەی هاندەکە دایە، جیا دەکرێتەوە لە هاندەکـــە و لە گوێ دەخرێ. ڕواڵەتی ئەو هاندە ماتە و بارتییەکەی بە وزەی خۆر شەحن دەبێتەوە.




# هارددرایڤێکی 500 گیگابایتی

هارد واتە شوێنی داکردنی داتاکان، گرنگییەکی زۆری هەیە لە کۆمپیوتەردا، ڕاستە فلاش میمۆری ڕۆڵی خۆی بینیوە تا ڕادەیەکی زۆر گرفتی پاراستنی داتاکانی نەهێشتووە، بەڵام فلاش میمۆرییەکان قەوارەیان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا نییە، هەربۆیە هارد درایڤی تایبەت کە قـەوارەیان بە قەد پاکەتە جگەرەیەکە هاتوونەتە بەرهەم، کە قـەوارەی داکردنی داتاکانی 500 گیگابایتە و لە ڕێگای کێبڵی USBیەوە لە کۆمپیوتەر دەخرێ.

ئەو هاردە نوێیە تایبەتە بەو کەسانەی کە وێنە و فایلێکی ڤیدیۆیی زۆریـان هەیە، هەروەها لەگەڵ هـەردوو سیستەمی ویندۆز و ماکنتۆش دەگونجێت و خێرایی هاردەکە 5400 خولە لە دەقیقەیەکدا. ئەو ئامێرە تەکنەلۆژیای دژە شۆکی ئەلکترۆنی لەگەڵە، هەروەها بۆ پاراستنی داتا خەزنکراوەکان دەکرێ قفڵ بدرێ.

# ڤێرژنی ئۆنلاینی ئۆفیس





کۆمپانیـــای مایکرۆســـۆفت، گەورەترین کۆمپانیـــای بەرهەمهێنی پرۆگرام و سیستەمەکانی کۆمپیوتەر، پرۆگرامـــی ئۆفیســـی ئۆنلاین واتە ئۆفیســـی ئەنتەرنێتی هێنایە بەرهەم، ئۆفیـــس بەو پرۆگرامانە دەگوترێت کە کاریگەرییەکی زۆریان هەیە وەك (ۆرد، ئەکسل، ئەکسیس،...) هەڵبەتـــە ئەو خزمەتگوزارییە هێشـــتا لە قۆناغی تاقیکاری دایە و ڕێژەیەکی زۆر کەم لە بەکارهێنەران دەتوانن ســـوود لە تواناکانی ئەو ئۆفیس ئۆنلاینە وەربگرن.


کۆمپانیای مایکرۆســـۆفت بۆ ئەوەی کـــە بەکارهێنەران بتوانن لـــە پرۆگرامەکانـــی وەك (ورد، ئەکسل، پاوەرپۆینت) بەشێوەیەکی ئۆنلاین سوود وەربگرن شوێنێکی بەناوی "ئۆفیس لایف" دروســـت کردووە. بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێـــت دەتوانن بە قەوارەیەکی زۆرەوە فایلەکارنـــی خۆیانی تێـــدا خەزن بکەن، واتـــە 250 میگابایت. کە نزیکـــەی 1000 فایل لەخۆیدا جێ دەگـــرێ. بەکارهێنەرانی پرۆگرامەکانی ئۆفیس دەتوانن بە دانانی فایلەکانی ئەو پرۆگرامانە لەســـەر ئەنتەرنێت، ئەگەری دەستراگەیشتن بەو فایلانە بۆ هاوڕێیانیان دەستەبەر بکەن. ئەمەش سایتی ئۆفیس ئۆنلاینە www.officelive.com...

# ئۆفیسی ئۆنلاینی گوگل دەبێتە ئۆفلاین

کۆمپانیای گوگل ڕایگەیاند کە لە هەفتەی داهاتوودا، ئەگەری سوود وەرگرتن لە پرۆگرامەکانی ئۆفیسی تایبەت بەخۆی بەبێ ئەنتەرنێتیش دەستەبەر دەکات.

ئەو کۆمپانیایە ڕایگەیاند کە لە هەفتەی داهاتوودا بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری Google Docs کە لەڕاستیدا ئۆفیس ئۆنلاینی گەورەترین دینەمۆی بە دواداگەڕانی جیهانە، ئەگەری دەست ڕاگەیشتن بە فایلەکان بەبێ بوونی هێڵی ئەنتەرنێتیش دەرەخسێنێ. ڤێرژنی ئۆفلاینی ئەو پرۆگرامە بۆ نموونە دەکرێ لە فڕۆکە، شەمەندەفەر و ئەو شوێنانەی کە هێڵی ئینتەرنێتیان نییە سوودی لێوەربگیرێ. هەر گۆڕانکارییەك کە لە کاتی ئۆفلاین دا لەسەر فایلەکان بکرێ، هەرکە جارێکی دیکە هێڵی ئەنتەرنێت گەڕایەوە ئۆتۆماتیکی ئەو گۆڕانکارییانە تۆمار دەکرێن.






# بەرهەمهێنانی پرۆگرامی فۆتۆشۆپی ئۆنلاین

پرۆگرامی فۆتۆشۆپ سەرەکی ترین پرۆگرامی کارکردن لەسەر وێنەیە. زۆربەی ئەوانەی ئەرکی کارکردن لەسەر وێنە و دیزاین جێبەجێ دەکەن، گرنگی پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دەزانن، هەتا ئێستا ڤێرژنی 10ی ئەو پرۆگرامە هاتۆتە بەرهەم. ئەو پرۆگرامە یەکێکە لە بەرهەمە نایابەکانی کۆمپانیای Ad-be. کۆمپانیای ناوبراو ئەم هەفتەیە پرۆگرامی فۆتۆشۆپی ئۆنلاینیشی هێنایە بەرهەم. ئەم ڤێرژنەی فۆتۆشۆپ ئینتەرنێتییە و بە Photoshop Express ناسراوە، بەکارهێنەر دەتوانێ ڕاستەوخۆ فایلەکانی وێنەیی خۆی لە هاردی کۆمپیوتەرێکەوەیە بگوازێتەوە بۆ ئەو پرۆگرامە و یان دەکرێ لە سایتەکانی دیکەوە وێنە بۆ ئەو پرۆگرامە بگوازێتەوە. دیارە سایتەکانی وەك P-casa و Photobucket پرۆگرامی تایبەتیان لەگەڵدایە بۆ دەستکاری کردنی وێنە، بەڵام پرۆگرامی فۆتۆشۆپ جیاوازییەکی زۆر هەیە لەگەڵ گشت پرۆگرامەکانی وێنە.

# PMPیکی نوێی دژە زەربە



ئامێرێکی نوێی PMP بەناوی LxPI Life هاتۆتە بەرهەم. کە لەڕاستیدا PMPیەکی تەواو لەمسییە، هەرچەندە یەکێك لە گرفتە بچووکەکانی ئەو ئامێرە بوونی ئەو دوگمەی لەمسیانەیە. شاشەی ئەو ئامێرە لە جۆری LCDیە و سایزەکەی 3 ئینجە. ئەو PMPیە خاوەنی زەنی 4 گیگابایتیە کە دەکرێ ببێتە 8 گیگابایتیش. ئەو ئامێرە فۆرماتەکانی AVI، MPEG4، WMV، WAV، JPEG دەخوێنێتەوە. تایبەتمەندی ئەو ئامێرە ئەوەیە کە بە کەوتنە خوارەوە تێك ناچێ و تەمەنی باترییەکەی بە بەراورد بە باتری ئامێرەکانی دیکە زیاترە، بەهەر شەحن کردنەوەیەك تاکو 45 کاتژمێر دەخایەنێ. کێشەکەی 120 گرامە.



# بچووکترین کامێرای ڤیدیۆیی لە جیهاندا

کامێرایەکی ڤیدیۆیی بچوك لەلایەن کۆمپانیای سۆنییەوە هاتۆتە بەرهەم کە بە وتەی بەرهەمهێنەرانی، تاکو ئێستالە جیهاندا بچووکترین و کەم کێشترین کامێرایە هاتبێتە بەرهەم.

ئەو کامێرا زۆر بچووکە کێشەکەی تەنیا 300 گرامە و دەتوانێ 55 خولەك فیلم بە دیقەیەکی زۆرەوە هەڵبگرێت و خاوەنی میمۆری کارتێکی 8 گیگابایتییە.

ئەوەی لەو وێنەیەدا دەیبینن ئەو کامێرا بچووکەیە کە وەك ئەنگوستیلە لە پەنجە کراوە.



# یاهوو و سایتی تایبەت بە ئافرەتان

هەفتەی رابردوو کۆمپانیای یاهوو کە بەیەکێك لە کۆمپانیا مەزنەکانی جیهانی کۆمپیوتەر دادەنرێت، وێب سایتێکی نوێی بۆ ئافرەتان کردۆتەوە، بە وتەی بەرێوەبەرانی ئەو سایتە، ئەو سایتە تایبەتە بە ئافرەتانی تەمەن 25 ساڵ هەتا 45 ساڵی. ئەو سایتە بە شایان ناسراوە. بابەتەکانی وەك جلوبەرگی مۆدە، جوانکاری و ئارایشت کردن، بابەتەکانی تایبەت بە ئافرەتان و چۆنییەتی هونەری چێشت لێنان بەرچاو دەکەوێت. مەبەست لەکردنەوەی ئەو سایتە ئەوەیە کە خزمەتێکی بەرچاو بە ئافرەتان بکات، بۆ کۆکردنەوەی بابەتەکانی ئەم سایتە، یاهوو لەگەڵ چەندین سایتی دیکە هاوکاری دەکات، ئەم سایتە چەندین سەرنووسەری هەیە، بابەتەکانی هەموویان کورت و سەرنج راکێشن. ئەمەش ئادرەسی ئەو وێب سایتەی ئافرەتانە. Http://shine.yahoo.com

# پارچە لەکارکەوتووەکانی کۆمپیوتەر فرێ مەدەن


ئێمە هەرکاتێك پارچەیەکی کۆمپیوتەر تێك دەچێت و لەکار دەکەوێت، یان فرێ دەدەینە ناو سەلەی زبڵەوە، یان لە کونجێك دایدەنێن و دەیدەینە دەست منداڵان بۆ ئەوەی کە وەك ئامێری گەمەکردن بەکاری بێنن، بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری ئەو وێنانەی خوارەوە بکەین، دەبینین ئەوانەی هەستی هونەریان هەیە، توانیویانە پاش لەکارکەوتنی پارچەکانی کۆمپیوتەر بە جۆرێکی دیکە سوودی لێوەربگرن.

کیبۆرد وەك ئینجانە، ماوس وەك ئامێرێکی دیکۆر و جوانکاری، کەیسی کۆمپیوتەر وەك مەنقەڵی تکە لێدان، دیسکێت وەك جانتا. ئەگەر بە وردی لەو سەیارەیە وردبینەوە دەبینین بە هەزاران دوگمەی کیبۆرد رازاوەتەوە، هەروەها لە چوار RAMیەکی لەکارکەوتوو ئەو ئاشە بایە دروستکراوە.

















# پرۆگرامی Movie lable 2008 بۆ دروستکردنی ئەرشیفی فیلم

راگرتن و بە ئەرشیف کردنی فیلمە سینەماییەکان بۆ زۆر کەس بۆتە هۆی خۆ خەریك کردن. هەرئەوەشە کە وای لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی فیلم کردۆتەوە کە بیر لە بەرهەمهێنانی پرۆگرامێك بکەنەوە کە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، چونکە بەراستی راگرتنی ئەو ئەرشیفانە ئەرکێکی دژوارە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە لە ستۆدیۆکانی فیلم دا کار دەکەن.

ئێمە ئێستاکە دەبینین بە زۆری بۆ راگرتنی فیلمەکان، لە شێوازی کۆپی کردنە سەر CD یا DVD سوود وەردەگرن. بەڵام بە جێگرتنی سیستەمی کۆمپیوتەری ئیدی بەرە بەرە ئەو شێوازە نامێنێ و بەکارهێنەر دەتوانێ بەهۆی پرۆگرامگەلێکی تایبەت هەر لە کۆمپیوتەردا فیلمەکان بکاتە ئەرشیف. Movie label ناوی پرۆگرامێکە بۆ ئامادەکردنی ئەرشیفیکی تەواو بە شێوەیەکی رێك و پێك فیلمەکان رێك دەخات. لەو پرۆگرامەدا دەکرێ وێنەکانی پەیوەندار بە هەر فیلمێك لە بەشی تایبەت بە خۆیدا تۆمار بکرێ و هەروەها تایبەتمەندییەکانی فیلمەکە وەك قەوارەی فایل و فۆرماتەکان، قەوارەی نیشاندانی وێنە، Bitrate، دانانی تایبەتمەندی فیلمەکە و...هتدی تێدایە. جگە لەوە دەکرێ بۆ هەر بەشێك لە فیلمەکە بەرگێکی تایبەتی دروست بکەی. ئەو پرۆگرامە بەرهەمی کۆمپانیای Code Aero Technologies.

# Face on Body pro



پرۆگرامی Face on body هەروەك لە ناوەکەی را دیارە پرۆگرامێکی سەرنج راکێشە، زیاتر مەبەستی خۆخەریك کردن و رابواردنی هەیە، زیاتر بۆ گۆڕینی دەموچاوی کەسایەتییەك بە کەسایەتییەکی دیکە سوودی لێدەبینرێت. بۆ نموونە بە یارمەتی ئەو پرۆگرامە بە ئاسانی دەکرێ وێنەی خۆت لەسەر وێنەی کەسایەتی سەر دۆلاری ئەمەریکی، یان بە جێی هونەرمەندە بەناوبانگەکان دابنێی. ئەو پرۆگرامە سەرنج راکێشە قەوارەکەی زۆر کەمە و لەو کاتەدا بەکارهێنانی زۆر ئاسانە. بۆخۆی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی لە وێنەی هونەرمەندە ناسراوەکانی جیهانی تێدایە.

# ستۆدیۆیەکی تەواو بۆ فیلم هەڵگرتنەوە لە دیسکتۆپ
# پرۆگرامی Techsmith Camtasia Studio 5.0.1.45



ئەمڕۆ زۆربەی سایتەکانی پەیوەندیدار بە کۆمپانیای پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر، یان بابەتەکانی دی، کڕین و فرۆشتن لە ئینتەرنێتدا دەکەن. واتە مامەڵەی ئینتەرنێتی. بۆ نیشاندانی بەرهەمەکانیان لە Demoی وێنەیی سوود وەردەگرن. Demo واتە (نیشاندانی برگەیەك یان چەند برگە لەو بەرهەمەی کە نیازی فرۆشتنت هەیە) بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو وێنە دیمۆییانە لە پرۆگرامێکی تایبەت سوود وەردەگرن کە بە کۆمەڵەی ئەو پرۆگرامانە دەگوترێت، پرۆگرامگەلی Screen Recor-er. پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن لەم بوارەدا، کە ئەرکی فیلم هەڵگرتنەوە لە پرۆگرامەکانی سەر شاشەیان بەئەستۆیە. پرۆگرامی Camtasia studio یەکێکە لەو پرۆگرامە کە پرۆگرامێکی زۆر گرنگە لە بواری فیلم هەڵگرتنەوە لە دیسکتۆپ، بەهۆی ئەوەوە بەکارهێنەر دەتوانێ وێنە لە هەر پرۆگرامێك یان هەر پەنجەرەیەك لە سیستەم بگرێتەوە. ئەو پرۆگرامە لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ پرۆگرامە هاوشێوەکانی جیاوازی هەیە. لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان دەکرێ ئاماژە بە ئۆتۆماتیکی تۆمارکردنی فیلمەکە بە قەوارەیەکی کەم بکرێ تاکو بە ئاسانی لەسەر سایتێکی ئینتەرنێت دابەزێت. هەروەها بە هۆی ئەو پرۆگرامەوە پێویست ناکات بەکارهێنەر بۆ ئامادەکردنی وێنەکانی لە سایتێکدا لە پرۆگرامەکانی دیکە سوود وەربگرێ. ئەو پرۆگرامە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات. ئۆتۆماتیکی فایلەکە دەکاتە فۆرماتی فلاش بۆ ئەوەی کە لە ئینتەرنێتدا بەبێ گرفت دابەزێت.